ئاسپاردەیەکی حکومی بۆ لێپرسینەوە لەگەڵ کەسانەی یاری بە نرخەکانەوە دەکەن



سەرۆک وەزیرانی عێراق لێبارەی یاریکردن بە نرخەکانەوە هۆشداری دەدات و بڕوبڕایەتیەکانی بڕێنگاربوونەوەی تاوانە ئابوورییەکانی راسپاردووە لێپرسینەوە بکەن لەو بارەیەوە.

ئەمە دووشەممە ٢ـی حوزەیرانی ٢٠٢٥، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، بەوەوە بەرایەتییەکانی پەیوەندیدار بە بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئابوورییەکانی ئاڕاستە کرد، لێپرسینەوە لەگەڵ کەسانە بکەن کە یاری بە نرخ دەکەن، بەتایبەتی فرۆشیارانی خۆراك و دەرمان، نانەواخانە.

هاوکات بەگوێرەی ڕێنماییەکە، بە لەبەرچاوگرتنی سەقامگیریی نرخی ئاوگۆی دراو (دۆلار) بەرامبەر دیناری عێراقی، تێبینیکراوە کە بەشێك لە کۆمپانیا و بازرگانان و کەسانی لاوازی، نرخەکان دەقۆزنەوە یان وەك خۆیان دەیهێڵنەوە بەبێ ئەوەی رەچاوی سەقامگیریی بازاڕەکان بکەن، بەتایبەتی خاوەن خۆراك و دەرمان، نانەواخانە و سەمونخانەکان، بەهۆی شکستهێنانیان لە ڕێکخستنەوەی نرخی دراوەکان فرۆشتنی نرخی ئەو کەرەستانەی کە ڕۆژانە هاوڵاتییان پێویستیان پێیەتی، بەو پێیەی هیچ ڕێکی چاودێری روون لەلایەن بەوەوە بەرایەتییە ئابوورییەکانەوە نییە بۆ بەدواداچوون بۆ ئەم حاڵەتانە.

لە ڕێنماییەکەدا ئەوەش هاتووە، سەرەك وەزیرانی عێراق فەرمانی بە بەوەبەرایەتییە بەرپرسەکانی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئابووریەکان کرد، چاودێری و لێپرسینەوە لەو کەسانە بکەن کە دەستکاری نرخ دەکەن، ڕێکاری یاسایی پێویست بەرامبەریان بگرنەبەر، هەروەها هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی بازرگانی و کشتوکاڵ و تەندروستی بکەن بۆ دنیابوون لە سەقامگیری ڕێژەی نرخی ئەو شتانەی کە کاریگەریان لەسەر ژیانی هاوڵاتیان هەیە بە شێوەیەکی بەردەوام.